# چایخانەی حەسەن بافی پوور زەریف لە مهاباد دا

د. عەبدوڵڵا غەفوور

لە تەمەنی مێردمنداڵیمدا، بە سایەی "فەرهەنگی مهاباد" و یادکردنەوەی ڕاگەیاندنی دەوڵەت و دواتر لە سێدارەدانی سەرۆك لە گۆڕەپانی چوارچرا، ناویم بیستبوو. گوێ بیستی ئەوە بووم کە دەیانگوت شێوەی ئاخافتن و جلوبەرگی ژنان و پیاوان، لە هی ئێمەی هەولێری دەچێ، لەبەر ئەوانە بەحەسرەت بووم ڕۆژێك دابێ، سەردانی بکەم، ئەوە بوو لە مایسی ساڵی ٢٠٠٦دا، ئەو کاتەی لەگەڵ دوکتۆر موراد حەکیم بۆ پیشانگەی نێودەوڵەتی کتێب لە تاران چووین، شەو لە مهاباد ماینەوە، بۆ ڕۆژی دواتر بەرەو تاران بەڕێ کەوتین، ئیتر لەو ساوە تا ئەمڕۆ، سەردانی مهابادم کردووەتە پیشەی ساڵانە.

مەیدانی ئاردی و مەیدانی جامی، زیاتر لە گەڕەك و کووچە و شەقامەکانی دیکەی مهاباد، خۆشیم پێ دەبەخشن، چەند لەوسەر بۆ ئەوسەری شەقام دەچی و دێیتەوە، یان لە ناوبازاڕ دەگەڕێی، یان لە چایخانەکان دادەنیشی، لێی تێر نابی. لە ناو ئەوانەشدا دڵگیرترین چایخانەکەی "حەسەن بافی پوور زەریف"ـە، هەر چەندە لێی دادەنیشم، یان بە تەنیشتی تێ دەپەڕم، لێی تێر نابم.

حەسەن زەلامێکی کورتەباڵای پشت چەماوەی تەمەن ٧٧ ساڵی (لە ساڵی ١٣٢٠ لە دایك بووە) مەیلەو سۆرکەی باریك و پور هەلوەریو تا شلچینەی سەر و چاو کز و دەست بە خاڵخاڵی مەیلەو ڕەش سەر دەست - دەم چاو و

ددان کەوتوو و سمێڵێکی سپی پڕ و کراسێکی سپی و شینی دامەیی و فانیلەیەکی مەیلەو قاوەیی خەت خەت و قەمسەڵەیەکی بۆری بێ قۆر و شەرواڵێکی مەیلەو ڕەشی کوردەواری و کەوشێکی ڕەش، وەلێ هەتا بڕێی چوست و زرنگ و وشیار و شارەزا، ڕووخۆش و دەم بە خەندەیە، پیاو لە هاموشۆکردنی تێر نابی.

حەسەن پێش بانگی بەیانی لە ماڵەوە دەردەچێ و بۆ نوێژ دەگاتە مزگەوتی کووچەی حاجی ئەحمەد، دوای بە جێگەیاندنی فەرز، بەرەو چایخانەکەی دەچێ کە بەرانبەر مزگەوتەکەیە، بە (بسم الله بسم الله) و بە ناوی خوا و پێغەمبەر و پیاوچاکان، کلیلی لە بەرکی شەرواڵی دەردێنێ و قفڵی دەرکەی پێ دەکاتەوە و دەڕابی هەردەدا و دەچێتە ژوورەوە، دەست بەکار دەکات و چواری پاش نیوەڕۆ، بە هەمان شێوە، دایدەخات و بەرەو ماڵەوە دەگەڕێتەوە، هەینیانیشی کردووەتە ڕۆژی لە ماڵ نەهاتنە دەرەوە و سەردانی کەسوکار و دۆست و برادەر و نەخۆش و بازاڕکردن.

چایخانەی حەسەن یەك لەو ڕیزە دووکانانەیە کە لە کووچەی حاجی ئەحمەدی بەرانبەر مزگەوتە، چایخانەکە چواربەچوارە و پێشەوەی جامدارە، سێ تەختەی ئاسنی بۆ دانیشتن و سێ مێزیش بۆ نان خواردن و مێزێك بۆ نان لەسەر دانان و ڕشاندن و پەمپی ئاو پێ ڕشاندن و پەڕۆی داپۆشینی نان بۆ نەرم بوونەوە و چەند سینی گچکە و وجاغ لەسەر مێز و یەخچاڵەك بۆ هەڵگرتنی خواردن، سەرەڕای ئەوانەش تەدارەکی ئاو گەرم کردن (دوو سەماوەر و کتلییەکی ئاوێ) و چا لێنان ( دوو چاپپەست) و چاخواردنەوە (پیارە و بنپیارە و مراکی چا و جامی کلۆ) و شەکردانێك بە مراکی شەکرەوە و قۆدییەکی تۆ چاو و تاسێك لە پێش زەمبەرەی سەماوەر بۆ شووشتنی پیارە. تەباخێکی غازی درێژ بۆ سەماوەرەکان و تەباخێکی دەستکردی خۆمانەی چوار پێچکە و دوو قنینەی غاز، هەروەها چەقۆ بۆ لەتکردنی کەرە و تۆخماخ. لەبەر چایخانەکەش تەباخێك و مەنجەڵی کوراندنی یەرەلماسی بە قەپاغەوە.

خواردنی چایخانەکە، جگە لە چایەی تاڵ و شیرین، نانی لەواشە مەزرەقەی ڕشێنراو و هێلکەی کوراو، یان لە ڕوونی کراو و یەرەلماسی (پەتاتەیەکی کوراوی بە قەدە چەنگ) و ماست لە جامیلکەکی فافۆن و نیو مراك کەرە، بۆ یەرەلماسییە.

دوو نانی ڕشاوی نووشتێنراو و پێخۆر - هێلکە. ماست. پەنیر. یەرەلماسی - و توخماخێکی فافۆن بۆ هوردکردنی یەرەلماسی، لەسەر سینییەکی گچکە و چای شیرین لە بەرداغێکی گچکە و دواتر چایەکی تاڵ و کەڵبە شەکر لە شەکردانێکی بچووك، لە پێش مشتەری دادەنرێ.

ئەوانەی بەیانی لە چایخانەی حەسەن نان دەخۆن بریتینە لە دانیشتووی مهاباد و ئەوانەی بۆ کاسبی ڕوویان تێ کردووە، یان کارێکی لە فەرمانگەیەکی دەوڵەت هەیە.